

## بیره وه ری ئه نفال و یادی حه ڤده ساله ی مه رگه ساتی گۆپته په

ئەنفال ئەوپرۆسە(بەکۆمەل کوژی)یەتفت وتالەی گەلی کوردە کەداگیرکەری دڕندەی بەعسی ڕکوکینەی چەندین سالەی خۆی بەسەر میللەتەکەماندارشت،بەبێ گوێ دانەهیچ یاساونەریتێکی مرۆڤانەی جیهانی،بەلکوزۆر لەدەولەتەدیموکراتی وزل هێزانەی دنیا کۆمەك وهاوکاری وپشتیوانیان بەپێی بەرژەوەندی خۆیان دەکردوچاویان لەوتاوانەگەورەیەنوقاند،کەئەوتاوانەپەلەیەکی ڕەشەبەنێوچەوانی مرۆڤایەتییەوەو،بکەران وهاوکارانی ئەم تاوانە،پرۆسەی (جینۆسایدی کورد)کارێکی سەرپێی وڕێکەوت نەبوو،بەلکوزۆرلەمێژ بوولەلایەن ڕژێمی ئیستیتانی وەحشی ودڕندەی بەعسی نەخشەی بۆکێشرابوو،ئەنفال ئەوپەرداخەژەهرەیەکەدەستەوتاقمی سەدامی خوێن ڕێژ لەکۆبوونەوەیەکی بەناو(مەجلیسی قیادەی سەورە)کردی بەگەروی میللەتی کورداوخاك وئاوبەگشتی ژینگەوژیانی مرۆڤی کوردی تیادالەژەهرداخنکاند.دەبێ کارەساتەیەك لەدوای یەکەکانی کوردستان (هەڵەبجەوئەنفال)بکرێنەوانەی مێژوو لەقۆناغەکانی خوێندندا بخوێنرێت،بۆئەوەی هەم بۆ دنیاوهەم بۆنەوەی داهاتوومان ئاشکرابێت کەمیللەتەکەمان لەپێناوی ئاشتی وئازادیداچەندقوربانی داوەوئەوکارەسات ومەرگەساتانەش بکرێنە(دیکۆمێنت)وبەلگە تا ئەوەی سەرانی تاوانباری ئەم کارەساتانەبدرێنە دادگای نێوودەولە تی وتاوانباران ڕابکێشرێنە بەندیخانەودادگایی بکرێن و بەسزای (کۆمەلکوژی)بەسزای توندی خۆیان بگەیەنرێن.

ڕژێمی داگیرکەری ئیستیتانی وەحشی لەوهێرشەبەربلاوانەداکە هەمووهێزوتوانای دارایی وسەربازی کەپێکهاتبوون لەفەیلەقی یەکی تایبەت وفەیلەقەکانی(٢،٣،٤،٥،٦،٧)وهەمووليواكانی گاردی کۆماری بەغداد بەپشتیوانی بەشی زۆری زرێپۆش وتانك وتۆپی قوورس بەهاوبەشی هەردووهێزی ئاسمانی (تەیران ئەلجەیش ودیفاع ئەلجەوی)هەلی کوتایەسەر کوردستان وبەچەکی قەدەغەکراوی کیمیایی لە(٧،٨)قۆناغی ئەنفالی بەدناوداسەرتاپای کوردستانی خاپوور وێران وسووتماك کرد کە(٤٥٠٠) گوندودەیان شارۆچکەی

لەناوگازووژەهرداخنكاندو پترلە(١٨٢٠٠٠)هەزار مرۆڤی كوردی بیچارەنوس وبیشوین كرد.رژیمی داگیركەری شۆڤینی دوای مەرگەساتی هەلەبجە،بەهیرشی قوورس وبەربلاو بۆ سەرناوچەكانی دۆڵی جافایەتی ودۆل بالیسان وناوچەكانی قەرەداغ وگەرمیان بەبەكارهینانی بۆمبی هیشوویی وچەكی كیمیایی توانی لەرووی سەربازییەوە سەركەوتنی كاتی بەدەستبهینی،دوای رووبەروبونەوەی زۆر قارەمانانەی هیزی پیشمەرگەی كوردستان كەزۆر گورزی گورچك بریان لە هیزە داگیركەرەكەی بەعسی دا.

سەرلەبەیانی رۆژی ٢/٥/١٩٨٨ من ودووهاوری پیشمەرگەم كاك عەلادین خاویی وكاك ریبوار لەگوندی (چیاسەوزە)ی سنووری تیپی ٢٥ خالخالان بووین وپاشان بەری كەوتین بۆگوندەكانی ناوچەی قەلاسیوكە(گۆپتەپە) رۆشتین زۆرماندووبوین ریگەمان زۆربری بوو بۆحەواندنەوە لاماندایەگوندی (مەحمەخان) لەوی نان وچامان ئەخوارد لەكاتی نان خواردنەكەدا گویمان لەدەنگی تراكتۆر بوو،زۆر دلمان خۆش بوو، زانیم كەبەهۆی ئەم تراكتۆرەوە دەتوانین ریگەی دوورمان نزیك بكەینەوە ،ووتم كاك ریبوار برۆ بزانە ئەوتراكتۆرە بۆكوی ئەچی ئەگەر لەسەر ریگەمانە ئەوا دەچین لەگەلیدا.ئەوەبووكاك ریبوار چووهاتەوە پیی ووتم كەئەو تراكتۆرە بۆ(گۆپتەپە)ئەچی. ئیمە یەكسەر وازمان لەنان وچاكە هیناوخیراخۆمان كۆكردەوەو رۆشتین سواری تراكتۆرە كەبووین،تراكتۆرەكە سایەقەكەوبرادەریكی پیشمەرگەی لەسەربوو بەناوی كاك حەمید برای شەهید دارا تیپی٢١ كەركوك بوو.ئیمەش سی كەس بووین،بەدەم قسەو باسی ئەو وەزعە دژواروسەختەوە ئەرۆشتین،نزیكەی زیاتر لە كاتژمیریك بە سەر تراكتۆرەكەوەبووین،زۆر شەتەك ببووین ومیشكمان كاس ببوو لە بەر فرەفر،گەشتبوینە سەرچیای(چیاچەرمەلە) لەنزیك گوندی (گولمكەوە) دنیا سەوز بووگەنم زۆرشین جوان وبەرزبوو،لەدووری یەك كیلۆمەتر زیاتر من دوونەفەرم بەدیكرد ئەوەندەم زانی خۆیان خستەناوگەنمەكەوەو خۆیان حەشاردا،لەبەرئەوەی وەزعەكان زۆر دژوار بوو بیرم بۆ شتی تر ئەچوو،هەندی رۆشتین وبەسایەقەكەم ووت راوەستە،كاك ریبوار خۆی هەلدایەخواری

ولەتراكتۆرەكە هەندێ دووركەوتەوەو تۆزێ مێشكی ساف بوولەبەرفرەفڕ،هاواری لەمن كردوبەدەستی ئیشارەتی دامێ كە(هەلیكۆپتەر) بەسەرسەرمانەوەیە،سەیری ئاسمانم كرد سێ (هەلیكۆپتەر،یەك حەمال،دووحەربی) بەسەرسەرمانەوەبوون،ئەم كۆپتەرانە ئەركی سەرەكیان (ئیستیتلاع) وكۆكردنەوەی زانیاری بوولەسەر هێزی پێشمەرگەوناوچەكەوخەڵكەكەی.یەكێكیان لە كۆپتەرەحەربییەكان زیاتر هاتەخوارەوەو كەوتە دەستڕێژكردن لەئێمە بەشەستیری دۆشكاكەی،ئێمەش لەسەرتراكتۆرەكەخۆمان هەڵدایەخوارەوە بۆ ئەوەی جێگەبگرین وتەقەیلێبكەین،بەڵام بەهۆی چڕی دەستڕێژەكەی وماوەی كەمی خۆهەڵدانەكەی ئێمە لە سەرتراكتۆرەكە،ئەوەبوو سیانمان بریندارببووین(سایەقی تراكتۆرەكە،كاك حەمید،و من)بەلام كاك حەمید زۆر بەخەستی بریندارببوو كەزیاتر لە سی گوللەی دۆشكاكەی بەر (سەرو پشتو قاچی) كەوتبوو،ئیتر كۆپتەرەكان دوای ئەودەستدرێژیە گەرانەوە بۆ جێگاكانی خۆیان،لەویادا كاك حەمید هیچ هیوایەك نەبوو كەزیاتر بژی چونكە زمانی شكابوو وە زۆر بەخەستی بریندارببوو،ئێمە باشتربووین......شوێنی كارەساتەكە نزیك گوندی (گولمكەوە) بوو ،كات لای عەسربوو ،پاش كەمیك ئەوەندەمان زانی لەگوندی گولمكەوەوە خەلكی تێكۆشەری گوندەكە بەهانامانەوە هاتن و تراكتۆروو دارەمەیتیان لەگەل خۆیان هێنابوو،كاك حەمیدیان خستەناودارەمەیتەكەوە،ئێمەش خراینە ناو عەرەبانەی تراكتۆرەكەوەو بەرەو گوندەكە بەرێكەوتین،پاشكەمیك دایاننناین لەگوندەكەو بڕیاریاندا بمانبەن بۆ خەستەخانەی شۆرش لەگوندی (گۆپتەپە) بۆئەوەی كاك حەمید شەهید نەبیو برینەكانی ئێمەش چارەسەربكرێت،تراكتۆریان بۆئامادەكردین......حەزدەكەم ئەوە بەبیربهێنمەوەو زۆر زۆر سوپاسی خەلكی گوندی گولمكەوە بكەم لەهەلوێستی جوامێرانەو دلسۆزانەیان كە لەبەرامبەر ئێمەدا نواندیان بەتایبەتی برای بەرێز كاك شیخ مەجید.كەدەوری سەرەكی ئەبینی..نموونەی زۆربی .ئێمە بەدەم ئازارەوە بووین سواری تراكتۆرەكەیان كردین كەبچینە خەستەخانەی شۆرش لەگۆپتەپە،هیوامان بەوە هەبوو كەلەوی جارێكی دیكەسارێژی برینەكانمان

٢

ئەکرێ.زۆر ڕۆشتین زیاترلە چەندکاتژمێرێ ودەمەو ئێوارە گەشتینە گوندی گۆپتەپە ئەوەندەمانزانیوگوێمان لەدەنگی تەیارەبوو،کەسەیری ئاسمانمان کرد(٧)تەیارەی میراج وسیخۆ ئاسمانی گۆپتەپەیان داگیرکرد،زۆر بێ ڕەحمانەوکوێرانەو دڕەندانە کەوتنە بۆردوومانی گۆپتەپە،بەبۆمبای هێشووییوچەکی کیمیایی،سەدمەخابن ئەم گوندەیان وەك زۆربەی ناوچەکانی تر لەناوگازو ژەهردا خنکاندو زیاترلە(١٥٢)کەس لەژن ومندالْ وگەنج وبەساڵاچوویان شەهیدکرد،کاك حەمید جەستە دابێژراو بەگوللە بەوهیوایەی کەجارێکیتر ژیان بکرێتەوە بەبەریدا،لەوێ دیسان بەرشالاوی کیمیایی ئەکەوێ وبۆدواجار چاوی لێك ئەنێ وشەهید ئەبێ.

مەرگەسات وکارەساتی گۆپتەپە تراژیدیایەکیتری سەرشانتۆی خاکی بەسوتماك کراوی کوردستانە،دەبا لەڕۆژەکانی یادکردنەوەی مەرگەساتەژەهراویەکانی (هەڵەبجەوئەنفالەکان) دا ڕووی ڕەشی داگیرکەرەشۆڤێنیەکانی بەغداد ڕەشتر کەین ورسواکەین،تاجەگولینەی ڕێزووەفا و خۆشەویستیمان بۆ هەموو قوربانیانی ئەنفال وشەهیدانی کوردستان لەسەر مەزاری وونبوویان دابنێن وئەمەك وسۆز بکەینە مەشخەڵی دەستی تێکۆشانمان،وەمژدەش بەشەهیدان بدەین کەوا لەسایەی خوێنی ئەوان ڕۆژی ئازادی سەربەخۆی لەئاسۆوە هەڵهات.

یادو بیرەوەری ئەنفال ومەرگەساتی گۆپتەپەی شەهید بەرزو بەڕێزدەگرین .

---

ئاسۆ مه مه ند
01.05.2005 نۆرنبێرگ.ئه ڵمانیا
assomamand@web.de